**توندوتیژی بە بیانوی شەرەف**
**ئالنگارییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

سێ لەسەر یەکی ژنان لە جیهاندا تووشی توندوتیژی جەستەیی، سێکسی و دەروونی بوونەتەوە، تەنانەت لە کاتی تەنگژەکاندا ئەوە ژنانن بەهۆی پێگە لاوازەکەیانەوە لە بەشێکی زۆری جیهاندا زۆرترین ئازار دەچێژن. لێرە توندوتیژی بە بیانوی شەرەف بەشێکە لە مۆدێلە گەورەکەی توندوتیژیی ڕەگەزی و لە هەردوو فۆرمی جەستەیی و دەروونییدا دژی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا پیادە دەکرێت.

بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە زیاد لە ٥٠٠٠ ژن لە جیهاندا بە بیانوی شەرەفەوە دەکوژرێن. لەم توێژینەوەیەدا توندوتیژی بە بیانوی شەرەف لە هەرێمی کوردستاندا هەڵدەسەنگێنرێت، چونکە توندوتیژی مشتومڕێکی نەبڕاوەی ئەم کۆمەڵگا پیاوسالارییەیە. سەرەتا توندوتیژی لەژێر ناوی شەرەف شی دەکرێتەوە، دوابەدوای ئەمە کێشەکە لە جەستەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا وێنا دەکەین. دواتر باسی دامەزراوە یاساییەکان، کاریگەرییەکانی یاسای سزاکانی عێراقی فیدراڵ و لایەنە ئیسلامییەکان لەسەر یاسا لە هەرێمی کوردستان دەکەین. بە پشتبەستن بەمانە، هەوڵ دەدەین زانیاری دەربارەی حەقیقەتی کرانەوەی یاسای هەرێمیی بخەینە ڕوو، بۆچی دەستبردن بۆ چاکسازیی یاسایی لەم ژینگە تەواو پیاوسالار و خێڵەکییە کێشەیە؟ بەگوێرەی زانیارییەکان، دەگوترێت سەرەڕای هەوڵە نێودەوڵەتی و چاکسازییە یاساییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو کۆسپانەی لەو کۆمەڵگا پڕتەگەرە، پیاوسالاری و خێڵەکییەدا ڕەگی داکوتاوە، توندوتیژی بە بیانوی شەرەف هێشتا وەکو کێشەیەکی گەورە ماوەتەوە. هەروەها نەبوونی خۆتەرخانکردنی سیاسەتێکی گشتی بەکۆمەڵ لەلایەن دام و دەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییە جۆراوجۆرەکانی وەکو دادگا و پۆلیس، فاکتەرێکی دژوارە و لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هزری خێڵەکیی کوردی سەرچاوەی گرتووە.

ئەمڕۆ توندوتیژی بە بیانوی شەرەف بەزۆری بە ناوچەکانی وەکو باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕوودەدات. لە کار و قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، گرنگە خۆمان لە حوکمی پێشوەخت و ستیگماتیزەکردن بەدوور بگرین، چونکە توێژینەوەکان دەریدەخەن توندوتیژی بە بیانوی شەرەف هیچ پەیوەندییەکی بە ئاین و کولتورێکی دیاریکراوەوە نییە. لە ڕاستیدا ئەم توندوتیژییە لە سەردەمی ڕۆمە کۆنەکان، ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بوونی هەبووە. توندوتیژی بە بیانوی شەرەف بریتییە لە کۆنترین بەشی مۆدێلە گەورەکەی توندوتیژی جێندەری و لە هەردوو فۆرمی جەستەیی و دەروونییدا

دژی ژنان پیادە دەکرێت. ئەم توندوتیژییە بەزۆری لەلایەن ئەندامانی خێزانی قوربانییەکەوە پیادە دەکرێت، وەکو مامەکان، خاڵەکان، باوکەکان و برایەکان، مەبەستەکەش [بە پێی تێگەیشتنی هەڵەی ئەوان] پارێزگاریکردن و گەڕاندنەوەی شەرەفە بۆ خێزان یان عەشیرەت و گروپ. ڕەهەندێکی گرنگی جیاکەرەوەی ئەم توندوتیژییە ئەوەیە کە لە لایەن گروپەوە ئەنجام دەدرێت و بە بیانوی "کۆدی شەرەف" لە ژینگەی ئەو خێزان و کۆمەڵگا پیاوسالارییانەدا بەردەوامی و گرنگی پێ دەدریت. لەبەرئەوە گرنگە بڵێین پیاوسالاری دیاردەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە تێیدا پیاو بە شێوەیەکی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا باڵادەستە. پیاوان وێڵی پاساوهێنانەوەن تا مافی ئەوە بەخۆیان بدەن دەسەڵاتیان بەسەر ژناندا هەبێت و ترسناکانە پارێزگاری لەو دەسەڵاتە بکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین جۆری جیاوازی توندوتیژی دەروونیی و جەستەیی دژی ژنان.

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە لە ژنان ئەوەیە کە ڕووناکبیر بن و دواییش ببن بە هاوسەرێکی گوێڕایەڵ و دایکێکی ئەرکگران کە دەبێت خزمەتی تەواوی خێزانەکەی بکات. بە پێچەوانەوە، زۆرینەی پیاوان لە باوکە دەسەڵاتدارەکانیانەوە فێردەبن کە گرنگە پیاو ببێتە ڕابەرێکی بەهێز و جڵەوگیری خێزانەکەی خۆی. لەمەش گرنگتر، ببن بە پارێزەری "شەرەف"-ی خێزان و خێڵەکەیان. شەرەفیان لە جەستەی ژن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سێکسیدا کورت کردۆتەوە. لەبەرئەوەیە لە زۆرینەی خێزانەکاندا ئازادیی ژن بە لادان لە بەها نەریتییەکان و نۆرمەکان لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها خێڵگەرایی لە کوردستاندا زۆر بەربڵاوە، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردی هەیە، بەمەش ژنان سنوردار دەکرێن لەنێو ئەم پێکهاتە دەستەجەمعییانە و بەرەو پوکانەوەی تواناکانیان دەچن. لەبەرئەوە توندوتیژی ڕەگەزیی تەنها لە جەستەدا نامێنێتەوە بەڵکو چالاکانە و دەستەجەمعییانە بۆ کایەی کولتوری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پەل دەهاوێت، دواجاریش بە ئەسپایی ئەم بەناو "کۆدی شەرەف"-ەی لێ بەرهەمدێت.

پێش ئەوەی باسی ژێرخانی یاسایی هەرێمی کوردستان بکەین، پێویستە زیاتر دەربارەی دەرئەنجامە فراوانەکانی خێڵگەرایی بدوێین. خێڵگەرایی لە کوردستان بریتییە لە ئامرازێکی بەرگریی بەکۆمەڵ لەپێناو مانەوەدا لەکاتی بەربەرەکانێ، ناسەقامگیری و کێبەرکێی سیاسی. لە ڕاستیدا خێڵگەرایی لە کوردستاندا لەم ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵەی ڕابردوو سەری هەڵنەداوە، بەڵکو پێشتریش لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یەکخستن و خۆئامادەکردنی سەربازی و جۆرەها پرۆژەی دیکەدا سوودی لێبینراوە. هەر وەک چۆن لە توێژینەوەکەی ویلیام چامبلیس سەبارەت بە یاسای بێلانەیی باسکراوە، دەکرێت "گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش" ڕۆڵێکی گرنگیان لە "یەکگرتنی یان گۆڕینی یاساکان" هەبێت. دەکرێت چەمکی "گروپەکانی

خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش" لە هەرێمی کوردستان بە پێکهاتە خێڵەکی و پیاوسالارییەکان پێناسە بکرێت کە ئامانجیان لە کۆمەڵگادا جڵەوگیری هێز و دەسەڵات بووە. هاوکات، دەشێت پیاوان لە هەندێک کردەدا بەکۆمەڵ هاوکار و پشتگیری یەکتر بووبێتن و لەم کۆنتێکستەشدا توندوتیژی بە بیانوی شەرەف پیادە دەکرێت، ئەویش لە ترسی ئابڕووچوون و دەرکرانیان لەو ژینگەیەی تێیدا دەژین لە پێناوی پارێزگاریکردن لە چەمکی شەرەف بەو شێوەیەی ئەوان تێی گەیشتوون. سەرەنجام هەمیشە ئەوانەی هەوڵی چاکسازی و ڕیفۆرم دەدەن، هەر لەبەر هەمان بابەتی ئابڕووچوون و سەلامەتی پێگەیان لەژێر گوشارێکی زۆردان. دەکرێت ئەمە بە بنچینەییترین ئالنگاری دابنرێت لە هەوڵی جێبەجێکردنی یاسا، چونکە زۆرینەی دامەزراوەکان کاریگەرن بە پیاوانی خێڵگەرا و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرێن.

بەپێچەوانەوە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەر لە کۆنەوە ژنان دەرفەتی گەیشتنیان بە دنیای دەرەوە گەلێک کەمە. لەبەرئەوە قورسە بۆ ژنان لەو کۆمەڵگا پیاوسالارییەدا بگەنە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یان کەمپینی کاریگەر لە فێرگە و سۆشیاڵ میدیا ڕابگەیەنن تا هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و داوای گۆڕانکاری ریشەیی بکەن. هەروەها لەبەرئەوەی توندوتیژی پیاوان لە ژیانی خێزانی و گشتیدا زۆر باوە، زۆرینەی ژنان هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن لەوەی بەرەو وروژاندنی پرسی ئازادی هەنگاو بنێن. ئەم دابڕینەی ژنان لە تواناکانیان کارەکەی لەسەریان قورستر کردووە، ئەگەر نەیگەیاندبێتە نزیک لە ئەستەم، تا لە ڕەگ و ڕیشەوە بەرەنگاری پیاوسالاری ببنەوە. زۆینەی ژنانی کوردستان تا ئێستاش لەودیو پەردەدا ژیان دەگوزەرێنن، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژیان دابڕێنراون، هەرچەندە ژنانێکی زۆر هەن وەکو کارمەند و مامۆستا کار دەکەن، هێشتا دەبێت گوێڕایەڵ بن و ملکەچی یاسا نەنووسراوەکانی کۆمەڵگا بن. هۆکارێکی دیکەی ئەم بار و دۆخە خنکێنەرانە کەمی هۆشیاری یاسایی ژنانن، هەروەها چونکە ترسیان لە ئابڕووچوون و دەرئەنجامە قورسەکانی هەیە کە لە پرۆسەی سکاڵا تۆمارکردن و هەڵوێست وەرگرتنی ژنان ڕەنگ دەداتەوە.

سەبارەت بە تێگەیشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، [توێژەرێکی ئەم بوارە بەناوی] یەنگ لە توێژینەوەکەیدا باسی هۆکارەکانی قالبوەرگرتنی "کردەوە، تێگەیشتن و باوەڕ لەڕووی یاساوە" دەکات. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە تێگەیشتن لە یاسا بە شێوەیەکی ڕیشەیی وابەستەی نەریتە کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجییەکانە، هەروەها ئەم تێگەیشتنە کاردەکاتە سەر "ڕەفتاری تاک بەرامبەر یاسا، ویستی ڕێکخستنی یاسا، گریمانەکردن و ئەزمونکردنی یاسا." جێبەجێنەکردنی "یاسای تایبەت بە چاکسازی توندوتیژی بە بیانوی شەرەف" ڕەهەندێکی تر دەخاتە سەر ئەو ناشەرعییەت و دەرک کردنە بە ژنان کە بەتەواوەتی بە پێی یاسا پارێزراو نین.

لەبەرئەوە، ئەم ئالنگارییانە خزمەت بەو بەناو "کۆدی شەرەف"-ە پەنهانە دەکەن کە بەکۆمەڵ –بەبێ ویستی ژنان خۆشیان- بەردەوامی پێدەدرێت.

لە چەند دەیەی ڕابردوو توندوتیژی بە بیانوی شەرەف بە ڕێژەیەکی بەرچاو پیادە کراوە، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی کوردی دەستیان کرد بە ڕیفۆرمی یاسایی و سیستەمی دادوەری کوردستانیان لە تەواوی عێراق جیاکردۆتەوە. پێویستە باسی ئەوەش بکەین کە ئەم ڕیفۆرمە یاساییانە لەلایەن "کولتوری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی نافەرمی و ناکاریگەر" دژایەتی دەکرێت. ئەم دامەزراوە نافەرمییانە هاوشێوەی سیستەمی دادوەریی هاوبەش و ناسراو بە 'گا چا' وڵاتی ڕوواندا-یە؛ لە هەرێمی کوردستان پێی دەڵێن "سوڵحی عەشایری"، واتە سستەمی دادوەری بە شێوازێکی نافەرمی و خێڵگەرایی پیادە دەکرێت کە خۆی لە دامەزراوەی بەڕیوەبردن و دەست تێوەرداندا دەبینێتەوە، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی زیاتری خێڵگەرایی و ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا. بە هەمان شێوەی سەردەمی پێش کۆلۆنیالی ڕوواندا، سوڵحی عەشایری بۆ چارەسەرکردنی "دەمەقاڵێ و کێشەی خێزانی، مافی موڵکداری و هەندێک شتی دیکەی ناوخۆیی" بەکاردێت، هەروەک سیستەمی دادگاکانی 'گا چا' ڕوواندا، لە هەرێمی کوردستانیش دادوەرەکان لە ڕووی یاساییەوە شیاو نەبوون، قوربانی و تاوانبار پارێزەریان نەبوو، ڕەنگە پرۆسەکە تەواو لەژێر کەریگەری گەواهیدانی کەسیی و دادوەردا بووبێت، رەگی ئەمانەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە ئابڕووچوون و گوشاری کۆمەڵایەتی کە پێشتر باسمان کرد. ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەیە لەسەر یاسا ریفۆرمکراوەکان و جێبەجێکردنێکی ناکارا لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بەپێچەوانەوە، دەشێت سوڵحی عەشایری وەک سیستەمێکی خۆجێیی "دادپەروەری" بچێتە خانەی دەرهاویشتە زیانبەخشەکانەوە، ئەمەش لە دژی گروپێکی ئێتنکی دیارکراو نا، بەڵکو لە روانگەی جێندەرییەوە دژ بە رەگەزی ژنان کە لە کۆمەڵگەدا پەراویزخراون.

هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکی ئۆتۆنۆمە لەنێو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا. کوردەکان گەورەترین نەتەوەن لە جیهاندا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان نیە نوێنەرایەتیان بکات. لەئەنجامدا، چەندین دەیەی پڕ لە چەوساندنەوە و جینۆسایدیان لەو ناوچە ئاڵۆزەیاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەسەردا سەپێنراوە. کوردستانی عێراق بەفەرمی و بەپێی دەستوری عێراقی دانی پێدانراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە ریفۆرمی یاسایی بکات و یاسای نوێش دابڕێژێ. هەر لەبەرئەمەش بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی هەندێ برگەی یاسای سزای عێراقی ریفۆرم بکات، لە نێویاندا ئەوانەی دژی توندوتیژین بە بیانوی شەرەف،. ئەم چاکسازییە یاساییانە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بە

مەبەستی بەهێزترکردنی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراون و لە هەمان کاتیش هاوئاوازن لەگەڵ ڕێکەوتننامە جیهانییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ.

تا ساڵی ٢٠٠٢ تاوانەکانی شەرەف بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە قەڵەم نەدەدرا، بەڵکو زیاتر وەکو بابەتێکی کولتوری سەیر دەکرا. لەمەش خراپتر، توندوتیژی بە بیانوی شەرفەوە نەخرابووە نێو بەیاننامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٩٣ لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان بەناوی "پەیماننامەی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان." هەرچەندە وەکو وەڵامێک بۆ توێژینەوە و پشتگیری نێودەوڵەتی توێژەران و چالاکوانان، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوڕی لە تاوانەکانی شەرەف دایەوە و لە بریارێکی تایبەتدا بەناوی "کارکردن بەرەو نەهێشتنی ئەو تاوانانەی لەژێر ناوی شەرەفدا دژی ژنان ئەنجام دەدرێن" بڕیاری دەرکرد.   ئەمە بووە هۆی بەرەوپێشچوونێکی گەورە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و چاکسازییەکانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بە بیانوی شەرەف فراوانتر کرد. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بگوترێت سیستەمی دادوەری عێراقی سەرچاوەکەی یاسای ئیسلامییە و بە ڕوونی ڕاسەری داوە بەو یاسا ئایینیانەی لەلایەن کەمینە ئایینییەکانەوە پیادەکراوە. هەر وەکو بەگیخانی لە توێژینەوەکەیدا پشتراستی کردۆتەوە، "یاسای سزادانی عێراقی هەڵقوڵاوی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و نەریتەکانە کە تێیدا شەرەفی ژن بەرامبەرە بە (شەرەفی خێزان) و پاراستنی ئەم شەرەفەش بە یاسا نوسراوەتەوە."

نمونەیەک کە جێگەی نیگەرانییە، یاسای ٤١ ی یاسای سزادانی عێراقییە کە ڕێگە دەدات بە "ئەنجامدانی توندوتیژی لەژێر ناوی تەئدیب وەکو مافێکی یاسایی. ئەم یاسایە ماف دەدات بە مێرد یان باوک لە ژن یا منداڵەکانی بدات بە ناوی تەمبێ کردن."

لە وەڵامی ئەم یاسایەدا، نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە زۆرینەیان ژن بوون، لۆبییەکیان بۆ حکومەت کرد تا ئەم یاسایە بگۆڕن، لەبەرئەوەی پێشێلکاری مافی مرۆڤی تێدایە و بە ڕوونی ڕێگەی بە توندوتیژی خێزانی دەدات. سەرەڕای هەوڵەکانی چاکسازی لە یاسای سزادان لە عێراقدا، حکومەتی تیۆکراتی – ئایینی- بەغداد داواکارییەکەی ئەو ژنانەی ڕەت کردەوە. سەرەڕای ئەم لەمپەرانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی چەند چاکسازییەکی یاسایی باش ئەنجام بدات، گرنگترینیان بریتی بوو لە یاسای ٤٠٩ لە یاسای سزادانی عێراقی. وەکو بەگیخانی دەڵێت، "یاسا هەموارکراوەکە بەدیاریکراوی دەڵێت ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی ببینێت سێکس لەگەڵ کەسێکی تردا دەکات یان لەسەر هەمان پێخەف بیانبینێت و ژنەکەی بکوژێت، ئەوا بە بکوژ لە قەڵەم دەدرێت و هیچ سووکردنێکی سزای لەژێر هیچ بارودۆخێکدا بۆ ناکرێت." لە کاتێکدا پێش چاکسازییەکە سووککردنی سزای بۆ دەکرا و ئەوپەڕی سێ ساڵ زیندانی دەکرا. لە پاڵ ئەمانەشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان [لە ساڵی ٢٠١١] یاسای "بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی" دەرکرد. بەمە [ژنان و

پێشکەوتوخوازان] و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هیوایەکیان بۆ گەڕایەوە، چونکە بەرەوپێشچوونێکی مەزن بوو لە ڕووی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەنێوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.
ئەم نموونانە پێمان دەڵێن کەسانی پێشکەوتوو لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای کوردیدا نیازباشن و دەیانەوێت چاکسازی مانابەخش بکەن و پێگەی ژنان بەهێز بکەن و هاوتەریی ئەنجامدانی چاکسازی، سەروەری یاسا بچەسپێنن. وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە، لایەنە خێڵەکییە پارێزگارەکان لەنێو ئەم کۆمەڵگا تەواو پیاوسالارییەدا، جۆرەها کێشەیان بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی ئەم یاسانە دروستکردووە. دواجار داخوازی و ویستی پیاوسالاران لە یاسا لەناو سوڵحی عەشایریدا خۆی دەبینێتەوە و دەبێتە جێگرەوەی یاسای فەرمی بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا. خزمەتکردنی ئەم بازنە نەرێنی و دزێوە دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتنی توخمە توندڕەو و فەندەمێنتاڵەکانی کۆمەڵگا، کە ئەویش هۆکارەکەی هزری پیاوسالاریی و لاوازی پێگەی ئابووری و کۆمەڵاتییە. ئەمە بووەتە هۆی لێکەوتنەوەی هاوسەنگییەکی نەرێنی، کە تێیدا پیاوسالاری و نۆرم ونەریتە خێڵەکییەکان یەکتریان گرتووە و لەمپەرێکی بەهێزیان بۆ جێبەجێکردنی یاسا لەلایەن دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکان دروست کردووە.

ئەوەی پێشتر باسمانکرد دمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە هزری خێڵەکیی، پشتئەستوور بە پیاوسالاریی، کۆسپ دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی یاسا لە بابەتگەلێکی هەستیاری وەکو توندوتیژی بە بیانوی شەرەف. هەروەها، ژنانی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگادا مەترسی ئابڕوو چوون و وەدەرەنانیان لەسەرە،. ئەم مەترسییانە خراپتریشن بۆ ئەو ژنانەی خەبات بۆ گۆڕانکاری لە ئەقلیەتی گشتی و هزری کۆمەڵگەدا دەکەن. کاربەدەستانی حکومییش مرۆڤن و لەو کۆمەڵگایەدا دەژین، ترسیان لە لەدەستدانی کار و ئابڕوویان هەیە، بۆیە ویست و خۆتەرخانکردنی سیاسیی کورت دەهێنێت. لەبەرئەوە پێویستە ڕێگایەکی بنچینەیی و ڕیشەیی بگیرێتە بەر بۆ بەرنگاربوونەوەی پێکهاتە پیاوسالارییە ڕەگداکوتیوەکان لەنێو کۆمەڵگدا و بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە نۆرم و بەهاکانی کولتوری کوردی سەبارەت بە تێگەیشتن لە چەمکی "شەرەف" و بابەتە پەیوەندیدارەکانی. چەسپاندنی چاکسازی یاسایی تەنها لە کاتێکدا سودی دەبێت کە ئەم کۆمەڵگا گروپگەرایانە بیر و هزریان بگۆڕن، هەموویان کۆک بن کە هەندێک ڕەفتار و بیکردنەوە و نۆرمی ناڕەوا و قێزەون هەن ڕێگرن لە چەسپاندنی سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ و دەبێ بنبڕ بکرێن.

Bibliography

Abrego, J. Leisy, “Legal Consiousness of Undocumented Lations: Fear and Stigma as Barriers to Claims-Making for first- and 1.5-Generation Immigrants, Law & Society Review, 2011.

Begikhani, Nazand., Faraj, M. Najat, ''Legal Treatment of Honour Crimes: Comparison between Iraqi National and the Kurdistan Region's Laws'', European Journal of Comparative Law and Governance, 3, 2016.

Begikhani, Nazand., Gill, K. Aisha., Hague, Gill, ''Honour Based Violence: Experiences and Counter-Strategies in Iraqi Kurdistan and the UK Kurdish Diaspora'', 2015.

Bruinessen, van, Martin., Dawon, Hosham., Jabar A. Faleh., ''Kurds, States, and Tribes'', Tribes and Power: Nationalism and ethnicity in the Middle East, 2002. Retrieved 10 March 2017 from: http://www.hum.uu.nl/medewerkers/m.vanbruinessen/publications/Bruinessen_Kurds_States_and_Tribes.pdf

Packard, Matthew, ''Earning Independence in Iraqi Kurdistan'', Temple International and Comparative Law Journal, 27 (1), 2013.

1 Brah, Avtar., Gill, K. Aisha., ''Interrogating cultural narratives about 'honour'-based violence'', European Journal of Women's Studies, 21(1), 2014.

Chambliss, J. William, ''A Sociological Anlysis of the Law of Vagrancy'', Social Problems, 12(1),1964.

Corey, Allison., Joireman, F. Sandra, '' Retributive Justice: The Gacaca Courts in Rwanda'', African Affairs, 2004.

Department of Justice, '' Preliminary Examination of so-called "Honour Killings" in Canada'', Department of Justice, Government of Canada, 2017. Retrieved 10 March 2017 from: http://www.justice.gc.ca/eng/rp-pr/cj-jp/fv-vf/hkch/p3.html

United Nations New Centre, ‘’Impunity for domestic violence, ‘honour killings’ cannot continue – UN official’’, United Nations, 2010. Retrieved 10 March 2017 from: http://www.un.org/apps/news/story.asp?NewsID=33971#.WMlzcvnhBnI

World Health Organization, ‘’ Violence against women’’, Media Centre, World Health Organization, 2016. Retrieved 10 March 2017 from: http://www.who.int/mediacentre/factsheets/fs239/en/